# ئەنجامدەرانی کردەوە تیرۆریسیەکانی سلێمانی ئەبێت ڕیسوا بکرێن

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان**

**سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دەستی تیرۆریستان جارێکیتر گەیشتەوە سلێمانی، لەسێ کردەوەی خۆکوژیدا بەئۆتۆمبێل تیرۆریستان توانیان کۆتایی بە ژیانی چەندین کەس بهێننو چەندینی تریشیان خەڵتانی خوێن کرد، وە ترسو نائارامیەکی زۆریشیان خستە ناوشارو دڵی خەڵکەوەو تائێستاش کە چەند سەعاتێکی کەم بەسەر تەقینەوەکانداتێپەڕبووە کەچی بارودۆخەکە هێشتا ئارام نەبوەتەوە.**

**سەرباری ئەوەی کە تائێستا لایەنە ڕەسمیەکان هیچ ئاماژەیەکیان بە تاقمەکانی پشت ئەم کردەوە تیرۆریستیە نەکردوە، بەڵام دیارە کە شێوازی کارە تیرۆریستیەکەو جۆری ئەنجامدانەکەیو ئامێرەبەکارهێنراوەکانی، هەرهەموو ئاماژەن کە ئەم کردەوەیە کاری تیرۆریستە ئیسلامیەکانە. کە ئاشکرایە ئامادەباشی پێشوەختی بۆکراوەو کەسانێکیش هەن کە لەناو شاردا نەخشەیان بۆ داڕشتوەو هاوکاری تیرۆرستانیان کردوەو ئیچستاش ئازادن.**

**من لەکاتێکدا کە سەرەخۆشی لە کەسوکاری گیانبەختکردوەکانی ئەم کارە تیرۆریستیە ئەکەمو خۆم بەبەشداری خەمیان ئەزانم، وە ئومێدی چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکانی ئەخوازم، هاوکات بانگەوازی خەڵك ئەکەم کە چاوکراوەتربنو بەئارامی وحەوسەڵەیەکی زیاترەوە مامەڵەی وەزعەکە بکەن. ئەبێت هەرهەمووومان پێکەوە چاودێرو مەسئول بین لە ئاشکراکردنی تیرۆریستانو لایەنەکانی پشتیان، بۆ ئەوەی ڕیسوا بکرێنو دادگایی بکرێنو چالاکی تیرۆریستیان لێقەدەغە بکرێت، تاوەکو نەتوانن کوردستان بکەنە لانەی تیرۆریستییانو ڕێگە لەبەبەغدادکردنو بەئەفغانستانکردنی کوردستانیان بگرین.**

**بژی خەباتی خەڵك دژی تیرۆریزم**

**ڕیسوایی ومەرگ بۆ تیرۆریستان.**


**زمناکۆ عزیز**

**ئەندامی مەکتەب سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**


2005/10/25